https://www.doi.org/10.31918/twejer. 2361.17

e-ISSN (2617-0752)  p-ISSN (2617-0744)

# ئاستی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی لای خوێندکارانی زانکۆ

د. هەژار قادر ابراهیم

زانکۆی ڕاپەڕین

Hazhar.qadr@uor.edu.krd

م. ی. سیڤان عمر اسماعیل

زانکۆی ڕاپەڕین

sivan.omar@uor.edu.krd

**پوختە**

ئامانج لەم توێژینەوەیە زانینی ئاستی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتییە لای خوێندکارانی زانکۆ، هەروەها زانینی جیاوازیی ئاستی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی لای خوێندکارانی زانکۆ بە پێی گۆڕاوەکانی (ڕەگەز، پسپۆڕی، شوێنی نیشتەجێبوون)، بۆ ئەم مەبەستە توێژەران پێوەرێکیان ئامادەکردووە، کە لە (٢٨) بڕگە پێکهاتووە، دوای دەرهێنانی تایبەتمەندییەکانی پێوەری دەروونی (ڕاستگۆیی بە شێوەی ڕاستگۆیی ڕواڵەت و جێگیری بە ڕێگای ئەلفاکرونباخ)، بەسەر نموونەی توێژینەوەکەدا دابەشکراوە بە شێوەی (online) کە ژمارەی نموونەی توێژینەوەکە (٢٨٢) تاک بوو، بە شێوەی هەڕەمەکیی سادە هەڵبژێرداون، بە بەکارهێنانی هەگبەی ئاماری بۆ زانستە کۆمەڵایەتییەکان (SPSS) ئەنجامەکان شیکرانەوە، کە بەم شێوەیەبوو: نموونەی توێژینەوەکە ئاستی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتییان بەرز بوو، جیاوازی بەپێی گۆڕاوەکانی توێژینەوەکە نەبوو، لە کۆتاییدا بە پێی ئەنجامە بەدەستهاتووەکان چەند ڕاسپاردە و پێشنیازێک خراونەتەڕوو.

وشە کلیلییەکان: بەرپرسیارێتی، بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی، خوێندکارانی زانکۆ

## ئاستی بەرپرسیاریتیی کۆمەڵایەتی لای خوێندکارانی زانکۆ

### یەکەم: ناساندنی توێژینەوە

#### ١-١ – پێشەکی:

سروشتی بیرکردنەوە و مامەڵەی مرۆڤ بە درێژایی مێژووی خۆی بە جۆرێک ئاڕاستەی وەرگرتووە، کە هەمیشە هەوڵیداوە لە باشترین تەرز و تێڕوانیندا بیرۆکە و ئایدیاکانی خۆی پێشکەشی نەوەکانی بکات. لەلایەکی ترەوە، ئەوە دەبینین کە مرۆڤ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە ئەم کۆمەڵایەتیبوونەشی بە شێوازی کۆمەڵ و گرووپە، بۆ بەردەوامبوونی ژیانیان واپێویستی کردووە کە ئەرکەکان لە نێوان خۆیاندا دابەشبکەن ئەم دابەشکردنەش هەندێکیان بە یاسا ڕێکخراوە و هەندێکی تریان بەپێی عورف و عادات دابەشکراوە، ئەمش وای کردووە هەموو تاکێکی ناو کۆمەڵ بەرپرسە بەرانبەر کۆمەڵەکەی بۆ جێبەجێکردنی ئەو ئەرکەی پێی دراوە، ئەمەش لە ڕوانگە زانستییەکەوە بە بەرپرسیاریتیی کۆمەڵایەتی ناودەنرێت، بابەتی بەرپرسییاریتیی کۆمەلایەتی یەک لەو بابەتە گرنگ و نوێیانەیە، کە پێویستیی ژیان و گۆڕانکارییە ئابووری و کۆمەڵایەتی و فیکرییەکانی کۆتایی سەدەی نۆزدە و سەدەی بیست. کردییە هەوێنی نووسین و توێژینەوەی ناوەندە ڕۆشنیری و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانی دونیا، هەریەکێکیان بەپێی پسپۆڕی و دیدی ئایدیۆلۆژیی و دینی و ڕۆشنبیرییان، هەوڵیانداوە تەرز و تێزەکانیان پشتبەست بە بەڵگە و نموونەی واقیعی بخەنەڕوو (سەعید،٢٠٢١: ١٩).

#### ١-٢- کێشەی توێژینەوە:

بەرپرسیاریتیی کۆمەڵایەتی بەهایەکی مرۆییە، دەبێت لە ناخی تاکدا هەبێت، تاکێک کە بەرپرسیاریتیی کۆمەڵایەتی بگرێتە ئەستۆ، سوود لە

هەموو ئەندامانی کۆمەڵگە وەردەگرێت، ئەو ناهاوسەنگییەی کۆمەڵگا و تێکچوونی بەشێکی زۆر دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی گەشەی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی لەنێو ئەندامانی کۆمەڵگەدا، تەنانەت ناهاوسەنگیی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی لە تاکەکاندا یەکێکە لە مەترسییە هەرە گەورەکان بۆ سەر ژیانی تاکەکان و کۆمەڵگە، کاردەکاتە سەر بڵاوبوونەوەی خۆپەرستی و سڕینەوە لە نێوان ئەندامانی کۆمەڵگەدا، لاوازیی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی و نەبوونی ویژدان فاکتەرێکی نێگەتیڤ و تێکدەرانەیە بۆ کۆمەڵگە.

لەم ڕوانگەیەوە بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی ڕۆڵدەبینێت لە سەقامگیریی ژیان بۆ تاک و کۆمەڵگە، وەک ئەوەی کار بۆ پاراستنی سیستەمی کۆمەڵایەتی دەکات، یاسا و بەها کۆمەڵایەتییەکان دەپارێزێت و وامان لێ دەکات دڵنیابین کە هەموو کەسێک ئەرکی خۆی و بەرپرسیارێتیی خۆی بەرانبەر بە خۆی و کۆمەڵگەکەی جێبەجێدەکات، گومانیش لەوەدا نییە کۆمەڵگەی ئەمڕۆی ئێمە پێویستی بە تاکێکی خاوەن بەرپرسیار هەیە لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە، بە نەمانی یان لاوازبوونی هەستی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی ئەگەری لێکترازان و تێکچوونی شیرازەی کۆمەڵگەی لێ دەکەوێتەوە، و دەبێتە هۆی نەمانی ئاسایشی دەروونی و کۆمەڵایەتی (حجي والحميد،٢٠١٢: ١٠).

بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی دامەزراوەکان لە کاری خێرخوازی جیاوازە، ئەم دامەزراوانە ڕۆڵێکی کارا دەبینن لە گەشەپێدانی بەردەوام و پەرەپێدانی چارەسەری چالاکانە بۆ ئەو کێشە کۆمەڵایەتی و ژینگەییەی کۆمەڵگە تووشی دەبێت، زانکۆ وەک یەکێک لە دەزگا هەرە گرنگەکانی کۆمەڵگا بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتییەکەی تەنیا دەرچوونی خوێندکارەکان و پێدانی بڕوانامە نییە، بەڵکو یارمەتیدانی ئەو خوێندکارانەیە بۆ پەرەپێدانی هەڵوێستە ئەرێنییەکانی خۆیان بەرانبەر بەو کۆمەڵگەیەی کە

تییدا دەژین (حنفي,٢٠١٧: ٥). بۆیە کیشەی توێژینەوەکە لەم پرسیارەدا خۆی دەبینێتەوە، کە ئایا هەستکردن بە بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی لەلای خوێندکارانی زانکۆ هەیە یان نا؟ یان لە چ ئاستیکدایە؟

**١-٣- گرنگیی توێژینەوە:**

مرۆڤ لە سروشتی خۆیدا بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە، تاک زۆربەی کاتەکانی ژیانی خۆی لە گروپدا بەسەردەبات و کاریگەری لەسەری هەیە، ئەو کاریگەرییەش لەسەر تاک هەر لە منداڵییەوە گەشەدەکات و توانای ئەوەی پێدەدات پەیوەندیی کۆمەڵایەتیی کاریگەر لەگەڵ خێزان و دایک و باوکان و دەوروبەردا دروستبکات، دواتر ئەو کارلێککردنە درێژدەکەنەوە بۆ گروپەکانی تر لە قوتابخانەوە بۆ کۆمەڵگە (خويطر، ٢٠١٠: ٣).

بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی یەکێکە لە کۆڵەگە گرنگەکانی ژیانی کۆمەڵگە، ئامرازی پێشکەوتنی تاک و کۆمەڵە، نرخی تاک لە کۆمەڵگەکەیدا بەوە دەپێورێت کە تاچەند بەرپرسیارێتی خۆی هەڵدەگرێت هەست بە بەرپرسیارێتی دەکات بەرامبەر دەوروبەری، کە دەبێتە هۆی پابەندبوون بە پێوەرە مرۆییەکان، کە یەکگرتنی کۆمەڵگە و هاوئاهەنگیی ئەندامەکانی پێوە بەندە، بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت لە سەقامگیریی ژیانی تاک و کۆمەڵگادا کە تێیدا کار بۆ پاراستنی سیستمەکانی کۆمەڵگە و پاراستنی یاسا و سنوورەکانی لە هێرشکردن و لەناوچوون دیانپارێزێت، پێویستە هەموو کەسێک ئەرکی خۆی و بەرپرسیارێتیی خۆی بەرانبەر بە خۆی و کۆمەڵگەکەی جێبەجێبکات، وەک چۆن جەستە کاتێک دەتوانێت ساغڵەم بێت ئەگەر هەموو ئەندامەکانی کارەکانی خۆیان جێبەجێبکەن کە بۆیان دانراوە، بۆیە کۆمەڵگە ناتوانێت ئاشتییانە بەردەوام بێت، مەگەر هەموو ئەندامەکانی ئەو ئەرک و بەرپرسیاریەتییانە جێبەجێبکەن کە بۆیان دانراوە (العجلە، ٢٠١٢: ٢).

گەشەپێدانی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی بۆ گەنجان و هاندانیان بۆ کارکردن و بەشداریی چالاکانە لە دروستکردنی پرۆسەی گەشەپێدانی کۆمەڵگە و چارەسەرکردنی کێشەکانیان ئەرکی هەموو ئەکتەرەکانی کۆمەڵگە و بە تایبەتی دامەزراوە فێرکارییەکانە، جگە لە بەرنامەی زانستی و پەروەردەیی، پێویستە دامەزراوە فێرکارییەکان گرنگی بە کێشە کۆمەڵایەتییەکان و چارەسەرکردنی کێشەکان بدەن.

## گرنگیی تیۆری:

زانیاریی زانستی سەبارەت بە یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی خوێندکارانی زانکۆ زیاد دەکات ئەویش بە بەرپرسیاریەتیی کۆمەڵایەتی.

تیشک دەخاتە سەر گرنگیی بەرپرسیاریەتیی کۆمەڵایەتی بۆ کۆمەڵگا و پێویستیی گرنگیدان بە پەروەردەی بەرپرسیاریەتیی کۆمەڵایەتی.

گرنگیی توێژینەوەکە ئێستا لەوەدایە کە باس لە بابەتێک دەکات کە لێکۆڵینەوەی کەمی لەسەر کراوە ئەمە سەرەڕای گرنگییەکەی لە ژیانی تاک و کۆمەڵگادا.

## گرنگیی پراکتیکی:

بەرچاوڕۆشنی دەداتە ئەوانەی بەرپرسیارن لە کاروباری گەنجان و خوێندکاران، هەروەها بەرپرسان و پەروەردەکاران، لە پەیڕەوکردنی بەرنامە و پرۆگرامی، گونجاو بۆ پەرەپێدان و ڕەگداکوتانی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی لەنێو گەنجانی خوێندکارانی زانکۆدا.

ئەم توێژینەوەیە دایک و باوک ئاگاداردەکاتەوە لە ڕۆڵ و گرنگییان لە پرۆسەی گەشەکردن و پێگەیاندنی کۆمەڵایەتیی منداڵەکانیان، بۆ ئەوەی

ڕۆڵی خۆیان بگێڕێن لە پڕۆسەی گەشەی بەرپرسیاریەتیی کۆمەڵایەتی لە منداڵەکانیان.

ئەم توێژینەوەیە سوود بە دامەزراوە کانی وەک خوێندنگا و زانکۆ و دامەزراوە کۆمەڵایەتی و پەروەردەییەکانی تر، بگەیەنێت بۆ ئەوەی ڕۆڵی خۆیان بگێڕێن لە پڕۆسەی گەشەی بەرپرسیاریەتیی کۆمەڵایەتی لای خوێندکاران، لە ڕێگەی سیمینار و پڕۆگرام و خولی تایبەتی و خوێندن و چالاکییەکانی ترەوە.

**١-٤- ئامانجی توێژینەوە**

زانینی ئاستی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی لای نموونەی توێژینەوە بە گشتی

زانینی جیاوازیی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی بە پێی گۆڕاوی ڕەگەز (نێر، مێ)

زانینی جیاوازیی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی بە پێی گۆڕاوی پسپۆڕی (زانستی، وێژەیی)

زانینی جیاوازیی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی بە پێی گۆڕاوی شوێنی نیشتەجێبوون (ناوەوەی شار، دەرەوەی شار)

**١-٥- سنووری توێژینەوە:**

سنووری ئەم توێژینەوەی بریتییە لە خوێندکارانی زانکۆی ڕاپەڕین خوێندنی بەیانیان بۆ ساڵی خوێندنی ٢٠٢١ – ٢٠٢٢

### ١-٦- پێناسەی چەمکەکان

**ا- بەرپرسیارێتی:**

هەستکردنی تاکە بە بەرپرسیارێتی بەرانبەر بەو گروپەی کە ئینتیمای بۆیان هەیە و بەشداریکردن و تێگەیشتن لە بەها و دابونەریت، بەرپرسیارێتی خودی ناوەکییە و تاکەکە خودی خۆی چاودێرە بەسەر خۆیەوە (سەمین، ٢٠١٩: ٣).

بە گشتی تایبەتمەندیی کەسێکە کە داوای شتێک دەکات پەیڕەوی بکات، کاتێک دەوترێت کە ئەو لە بەرپرسیارێتیی ئەم کارەیە، واتە لە ڕووی ئاکارییەوە داوای پابەندبوون لە کەسێک دەکەن بەوەی کە دەیڵێت و دەیکات، واتە وشە و کرداری یەک بێت (حلیمة، ٢٠١٦: ١٣٢).

**ب- بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی**

بە شێوەیەکی گشتی بەشێکە لە لێپرسراوێتی، لەژێر ڕۆشنایی ئەمەش یەک ڕیزی و پێکەوەیی بۆ تاکەکان و کۆمەڵگە بەدەستدەهێنێت (عباس، ٢٠١٤: ١٢).

پابەندبوونی تاکە بە بەهاو پێوەرە کۆمەڵایەتییەکان، هەروەها کارلێککردن و بەشداریکردنە لە ڕووداو و گۆڕانکاری و پێشکەوتنەکانی کۆمەڵگەکەی، بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی پرنسیپەکانی وای لێدەکات هەست بە کاریگەریی تواناکانی خۆی بکات، بۆئەوەی کۆمەڵگەکەی گەشەپێبدات و بەرەو پێشەوەی بەرێت (یوسف، ٢٠١٦: ٥٠).

پێناسەی تیۆری: ئەرکی تاکە بەرپرسیارێتیی خۆی بەرانبەر بە کۆمەڵگەکەی و هاوڕێکانی و ئاینەکەی و ژینگەکەی وڵاتەکەیشی لەڕێگەی تێگەیشتنی خودی لە ڕۆڵی خۆی لە پێکهێنانی ئامانجەکانی و

بەرژەوەندیی خۆی بۆ ئەوانی تر و لە ڕێگەی پەیوەندییە ئەرێنییەکانیەوە و بەشداریکردنی لە چارەسەرکردنی کێشەکانی کۆمەڵگە و بەدیهێنانی ئامانجە گشتییەکان (فریدە، ٢٠١٨: ٢١).

پێناسەی کرداری: تێکڕای ئەو نمرەیەیە کە توێژینەوەکە بەدەستیدەهێنێت لە ئەنجامی وڵامدانەوەی بڕگەکانی ئەو پێوەرەی کە بۆ مەبەستی ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە بەکارهاتوون.

## دووەم: چوارچێوەی تیۆریی توێژینەوە

### ٢-١- چەمکی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی:

بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی لە ڕووی زمانەوانییەوە بەکارهێنانی لەناو زمانە جۆراوجۆرەکاندا جیاوازە، لە زمانی فەرەنسیدا چەمکی (responsibility) ئاماژەیە بۆ سێ ئاست، یەکەم؛ مانای ئەرک و پابەندبوون. دووەم؛ پۆست و پلە و ئەرکدارییە. سێیەم؛ هەڵە و لێکەوتەکانی.

چەمکی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی، بەپێی جیاوازیی تێڕوانینەکانی زانایان دەگۆڕێت، لە فەرهەنگی فەلسەفە و دەروونناسیدا بەمشێوەیە پێناسەی دەکات: "هۆشیاریی تاکەکەسە پەیوەست بە بنەمایەکی زانەکی، یان ڕەفتار و هەڵسوکەوتی خۆبەخشانەیە بەرانبەر بە کۆمەڵگە، کاریگەری لەسەر ڕەوتی ڕووداوەکان هەیە لە داهاتوودا، لەمەوە دەردەکەوێت کە چەمکی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی ماف و ئەرک دەگرێتەوە (أحمد، ١٩٩٩: ٢٥٠)، بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی هەستێکی خودییە کە تاک بەرپرسیاریی ڕەفتارەکانی خۆی هەڵدەگرێت، ئەوەی دەیڵێت و ئەوەی دەیکات و بە بێ دوودڵی بە ڕۆڵی خۆی لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا دڵخۆش دەبێت، هەروەها پەیوەندیی تاک لەگەڵ ئەوانی تر لەسەر بنەمای ئازادی و

بەرپرسیارێتی و هاوکار و کێبڕکێی دادپەروەرانەیە کە بەرژەوەندیی ئەوانی تر بە ئەندازەی بەرژەوەندیی خۆی لەبەرچاودەگرێت (نجف، ٢٠١٠: ٦).

(جراسنكل و هندرسون) وای دەبینن کە بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی بە تایبەتمەندییەک لە تایبەتمەندییەکانی تاک هەژماردەکرێت، هەروەها ڕێزگرتنی تاکە لە گرنگی و بەهای خۆی، ئاماژەیە بۆ بەرپرسیاری بەرانبەر بەخۆی و بەرانبەر ئەوانی تر (الرميح، ٢٠٠٤: ٦٣)، بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە تاک حەز لە ڕۆڵی کۆمەڵایەتیی خۆی و ئەو ژینگەیە دەکات کە تێیدا دەژی، دەرئەنجامی ڕۆڵە کۆمەڵایەتییەکەشی وای لێدەکات ئەو کارەی کە دەیکات لەگەڵ ئەوانی تردا هاوبەش بکات و بەشداری بکات لە چارەسەرکردنی کێشەکانیان (المومنی و هیاجنه، ٢٠١١: ٢١٠).

بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی کۆمەڵێک بەرنامە و کار و چالاکییە کە ناوەڕۆکێکی کۆمەڵایەتی هەیە، لەلایەن دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکانەوە بە شێوەیەکی خۆبەخشانە یان بە یاسا ئەنجامدەدرێت بۆ ئەوەی پێداویستییەکانی ئەندامانی کۆمەڵگا جێبەجێبکات، ئەمەش بۆ بەدەستهێنانی جۆرێک لە پێشکەوتنی  کۆمەڵایەتییە (حوالة، ٢٠١٣: ١١).

بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی ئەو هەوڵ و تێکۆشانەیە کە تاکەکان و دامەزراوەکان و گروپەکان بۆ باشترکردنی هەل و مەرجی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی لەناو کۆمەڵگەدا ئەنجامی دەدەن، لە ڕێگەی بەرنامە و چالاکییەکانەوە کە پێویستییەکانی کۆمەڵگەن، بە ئامانجی هێنانەکایەی پێشکەوتنی گونجاو و گۆڕانکارییە ڕەفتارییەکان بەدیدەهێنێت (عب الحي، ٢٠١٢: ٣٠٢).

## ٢-٢- پێکهاتەکانی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی

بەپرسیاریی کۆمەڵایەتیی تاکەکان و دەزگاکان لەیەکتری جیاوازە تەنانەت بەرپرسیارێتیی سەرجەم تاکەکانیش وەکو یەک نییە بۆیە لێرەدا چەند خاڵێک دەخەینەڕوو وەک پێکهاتەکانی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی بۆ هەموو لایەکان.

گرنگیپێدان: مەبەست لێی پەیوەستبوونی سۆزدارییە بەو کۆمەڵەی کە تاک ئینتمای بۆی هەیە، جا بچووک بێت یان گەورە، هەروەها سووربوونە لەسەر بەردەوامیدان بە پێشکەوتنی کۆمەڵگە و یەکگرتن و هێنانەدیی ئامانجەکانی، یان پەرۆشیی سەرجەم ئەندامانی کۆمەڵگەیە بۆ پێکەوەبەستنی کۆمەڵگە، بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی، لە ڕێگەی گرنگیدان بە بەدیهێنانی ئاشتیی کۆمەڵایەتی و گرنگیدان بۆ لاوازنەبوونی کۆمەڵگا و لێکهەڵنەوەشانەوەی (الحسن، ٢٠١٤: ١٦).

تێگەیشتن: خۆی دەبینێتەوە لە زانیاریی تاکەکان و دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگە واتە تێگەیشتنی تاکە بۆ کۆمەڵەکەی، بە زانینی مێژووی ئەم کۆمەڵگەیە و ناسینی ئێستا و دیاریکردنی پەیوەندیی نێوان دەزگا کۆمەڵایەتییەکان، هەروەها گرنگیدان بە هۆشیاریی کۆمەڵایەتی و بەها باڵاکانی کۆمەڵگە. لە ڕوویەکی ترەوە، واتە تێگەیشتنی تاکە بۆ مەبەست و ئاماژە کۆمەڵایەتییەکانی ئەو کار و کردەوانەی ئەنجامیدەدات و پێزانینی لێکەوتەکانی کردار و هەڵسوکەوت و بڕیارەکانی لەسەر کۆمەڵ (رجعية، ٢٠١٢: ٨٧).

بەشداریکردن: واتە بەشداریکردنی تاک لەگەڵ ئەوانی تردا، بۆ یارمەتیدانی کۆمەڵگە بۆ تێرکردنی پێداویستییەکانی چارەسەرکردنی کێشەکانیان و گەیشتن بە ئامانجەکانیان و بەدیهێنانی ئاسوودەیی و پاراستنیان، بەرپرسیارێتییەکانی هەڵیدەگرێت، بە ویژدانێکی زیندوو و

ڕۆحێکی پاک و ئیرادەیەکی پتەوەوە هەڵدەستێت بە جێبەجێکردنی ئەرکەکانی خۆی (حلیمە، ٢٠١٩: ٥).

یارمەتیدان: خۆی لە یارمەتیدانی هاوڕێکانی لەو کارانەی کە بەسوودە بۆ کۆمەڵ دەبینێتەوە، هەروەها لێخۆشبوون لە هەندێ لە مافەکانی خۆی لەپێناو خۆشگوزەرانیی تاکەکانی کۆمەڵگە، یامەتیدانی هاوڕێکانی لە چارەسەرکردنی کێشەکانیان و بەدیهێنانی ئامانجەکانیان.

پابەندبوون: پابەندبوونی تاک بەو سیستەمەی کۆمەڵگە دایناوە، و پابەندبوونی تاک بەو بەڵێنانەی لەگەڵ ئەوانی تردا دەیدات، پابەندبوون بە تەواوکردنی ئەو کارەی کە لەلایەن کۆمەڵگەوە بۆی ڕاسپێردراوە بەبێ بوونی چاودێر لەسەری (العجلة،٢٠١٢: ٢١).

## ٢-٣- ڕەهەندەکانی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی

ڕەهەند و کایەکانی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتیی تاک لە کۆمەڵگەدا جۆراوجۆرن، هەندێک لەوانە:

بەرپرسیارێتیی تاک بەرانبەر بە خۆی: کە ئارامیی خۆڕاگری لە بەرانبەر سەختییەکانی ژیان دەگرێتەوە، هەروەها چاکسازی لەخود و ناوبانگ و خۆڕاهێنان لە چاکەکاری و لێبووردەیی ...هتد.

بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی و خێزانی: بایەخدان بە خێزان و هاوڕێ و هاوپیشە و هاوسەر و منداڵ و دایک و باوک و تەواوی کەس و کارەکانی.

بەرپرسیارێتیی ئاینی: بەرپرسیارێتیی تاکە بەرانبەر ئاینەکان سووکایەتی پێنەکردن بە پیرۆزییەکانیان (عمار، ٢٠١٦: ٢٨)

بەرپرسیارێتیی تاک بەرانبەر بە شار و نەتەوەکەی (حنفی، ٢٠١٧: ٢٣).

بەرپرسیارێتیی تاک بەرانبەر بە جیهان و گەردوون: لە ئاوەدانکردنەوە و ئاگاداربوونی ژینگە و ئاژەڵان و بوونەوەرەکانی تر (سعيد والباوي، ٢٠١٠: ٢١٣).

## ٢-٤- جۆرەکانی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی

هەندیک لە توێژەران بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی دەکەن بە چەند جۆرێکەوە، لەوانە:

بەرپرسیارێتیی یاسایی: ئاماژەیە بۆ گوێڕایەڵیی یاساکان و ڕێزگرتنە لە ماف و بیروڕای ئەوانی تر و پێدانی باج و جێبەجێکردنی خزمەتی سەربازی، هەروەها سەبارەت بە بەرپرسیارێتیی یاسایی لە فەرهەنگی دەروونزانی ئاماژە بۆ ئەوە دەکات؛ کە بریتییە لە هەڵسەنگاندن و نرخاندنی کێشەی ئازادیی تاک، بۆئەوەی بواری دادوەری گرنگی بە ئەنجامدانی کارەکانی بدات، کە تاک ئەو کارەی کردوویەتی بە ئازادی بووە یان نا، یاخود سوودی لە کاری قەدەغەکراو بینیوە، بۆیە پێویستە تاک لە ڕووی یاساییەوە بەرپرسیارێتیی کارەکانی خۆی هەڵبگرێت، کاتێک کارەکەی پێچەوانە بێت لەگەڵ یاسا و پێوەرە کۆمەڵایەتییەکان، هەروەها بۆئەوەی هەڵەنەکات و دەستدرێژی نەکاتە سەر مافی ئەوانی تر لە ڕووداوەکان بیانپارێزێت (حليمة،٢٠١٦: ١٣٣).

بەرپرسیارێتیی مەدەنی: ئاماژەیە بە ئاگایی و گرنگیدان بە پێداویستییەکانی تاک و کۆمەڵگە و نەتەوە، و پابەندبوونە بە بەزەیی و خۆڕاگری و دادپەروەری و متمانە و ڕێزگرتنی ئەوانی تر، هەروەها دانوستان و ڕێکەوتن و لێکتێگەیشتن دەگرێتەوە، کە هەردوو جۆرەکە،

واته (بەرپرسیارێتیی مەدەنی و بەرپرسیارێتیی یاسایی) دەکەونە ناو ئەو بەرپرسیارێتییە یاساییەی کە بەپێی بەندەکانی یاسا مرۆییەکان دامەزراون (الخراشي، ٢٠٠٤: ٥٣) و (حليمة،٢٠١٦: ١٣٣).

بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتیی دامەزراوەیی: واتە بەشداریکردنی کەرتی بازرگانی لە چارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگە کە لە ئاستی نیشتیمانی ڕووبەڕوویان دەبێتەوە (المومنى والمعانى،٢٠١٧: ٨٥).

## ٢-٥- هۆکارەکانی گەشەی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی:

خێزان: خێزان یەکەم یەکەی کۆمەڵگە و پەیوەندیی نێوان تاک و کۆمەڵگەیە، خێزان بەوە دەناسرێتەوە کە ئەوپەڕی گرنگی هەیە لە پێکهێنانی کەسایەتیی ئەندامەکانیدا، تاک لە ڕێگەی ئەزموونەکانی لە خێزان، بەرپرسیارێتییەکانی بەرانبەر ئەوانی تر فێردەبێت، فێری خزمەتکردنی کەسانی تر دەبێت، بە پێی ئەو یاسایانەی کە لە لایەن خێزانەوە پەسەندکراوە ژیان بەسەردەبات (الهذلي، ٢٠٠٩ :٥١)، دایک و باوک ڕۆڵێکی گەورە دەبینن لە گەشەپێدانی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی لەلای منداڵ، دەبنە پیشەنگ بۆ بنایدنانی ڕەفتاری چاکە (اللحياني، ٢٠١١ :٦٠).

خوێندنگا: خوێندنگا دووەم ژینگەیە بۆ تاک لە دوای خێزان، کارگەیی ژیانی کۆمەڵایەتی و فێربوونە، کە تێیدا خوێندکار بەشێکی زۆری ژیانی تێدا بەسەردەبات، خوێندنگا وەک دەزگایەکی کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی، کە تێیدا خوێندکار جۆرەکانی پەروەردە و زانست و زانیاری وەردەگرێت و فاکتەرێکی بنەڕەتییە لە پێکهێنان و کەسایەتیی تاکدا (العجلة،٢٠١٢: ٣٤).

مامۆستا: مامۆستا پێشەنگی جێبەجێکردنی پرۆسەی پەروەردەیە لە کۆمەڵگە، و مۆدێلێکی دەروونی و کۆمەڵایەتییە بۆ خوێندکار، بۆیە مامۆستا ڕۆڵی دەبێت و بەشداریدەکات لە گەشەکردنی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی لەلای خویندکار.

کۆمەڵگە و گرووپە پەردەردەییەکان: زۆربەی چالاکییە پەروەردەییەکان بە کۆمەڵ ئەنجامدەدرێن، بۆیە ئەو گروپەی کە خوێندکاران سەربەخۆیانە چالاکیی پەروەردەیی ئەنجامدەدەن، کاریگەرییەکی بەرچاوی هەیە لەسەر گەشەکردنی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی و لایەنەکانی تری گەشەی خوێندکار (سهو و محمد، ٢٠١٩: ٩٤) و (عبید، ٢٠١٥: ٥٧).

## ٢-٦- سیفاتی ئەو کەسانەی کە بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتییان هەیە

کۆمەڵێک سیفات هەن ئاماژەیان پێدەدرێت، لە تاکدا هەن کە بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی هەبێت، وەکو (ال سعود، ٢٠٠٤) ئاماژە بە چەند سیفاتێک دەدات لەوانە: (گرنگیدان بە کەسانی تر چاودێریکردنی پەیوەندییە باشەکانی لەگەڵیان و مامەڵەکردن لەگەڵیان بە شیوازێکی باش و ڕەوشتیانە، گرنگیدان بە کێشە کۆمەڵایەتییەکان و بەشداریکردن لەگەڵیان لە چارەسەرییەکاندا، کاردەکەن بۆ گەشەپیدانی خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکان، هەستکردن بە گرنگی و بەهای کات، ئیستغلالکردنی کاتە بەتاڵەکان، بۆ کاری باش و بەسوود، گرنگیدان بە ڕێکخستن و پاک و خاوێنیی شوێنە گشتییەکان و پارێزگاریکردن لە موڵکی گشتی، ڕەفتارکردنیان بە پێی پێوەرە کۆمەڵایەتی و دینی و ڕەوشتییەکان، هەروەها پابەندبوونیان بە بەها خێزانییەکان (ال سعود، ٢٠٠٤: ١٨-١٩).

**٢-٧- ئەو تیۆرانەی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتییان ڕاڤەکردووە:**

ا- تیۆری ڕەفتارییەکان: ڕەفتارییەکان جەخت لە گرنگیی شارەزایی ژینگەیی دەکەنەوە لە تێگەیشتن لە کەسایەتیی مرۆڤدا و بەم شێوەیە جەخت لەسەر هەڵسوکەوتی چاودێریکراوی تاک دەکاتەوە، و لەو باوەڕەدان کە بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی هەڵسوکەوتێکە وەک دیاردە دەروونییەکانی تر، دەچێتە ژێر یاساکانی فێربوونی وەک (لاساییکردنەوە، هاندان، پاداشت، سزا، کوژاندنەوە، گشتاندن، جیاکاری)، بۆیە زۆربەی توێژینەوە و لێکۆڵینەوەکان کە لەم ئاڕاستەیەدا ئەنجامیانداوە سەرنجیان خستۆتەسەر ڕەفتار و ئەنجامەکانی، (بافلۆف) پێیوایە کە ڕەفتار بە تەنها وەڵامێکە بۆ زۆرێک لەو وروژێنەرانەی کە لە ژینگەدا هەن، بەپێی پرەنسیپی مەرجی کلاسیی فێربوون تاک فێری ڕەفتارە خوازراو و نەخوازراوە کۆمەڵایەتییەکان دەبێت (الريماوي وئەوانی تر، ٢٠٠٨: ٥٤٦)، (سکنر) دووپاتیدەکاتەوە کە ڕەفتار تەنیا وەڵامێکی زیرەکانەیە بۆ زۆرێک لەو وروژینەرانەی ئێستا لە ژینگەدان، جگە لەوەی جەخت لە گرنگیی کاریگەریی ڕووداوەکانی ژینگەیی دەکاتەوە لە پەرەپێدان و باشکردنی ڕەفتاردا، هەروەها پێیوایە لە ڕێگەی فێربوون و بەهێزکردن و پاداشت و سزا، دەتوانین هەڵسوکەوتی گونجاوی کۆمەڵایەتی پەرەپێبدەین، کەواتە ڕەفتارییەکان بە گشتی لەو باوەڕەدان کە تاک ڕەفتاری دەگۆڕێت بە گۆڕینی ئەزموونەکانی لە ژینگەدا، کەواتە بە بڕوای ڕەفتارییەکان ژینگە ڕۆڵ و گرنگیی خۆی لە بەدەستهێنانی ڕەفتاری تاک هەیە، بۆیە پێیانوایە هەستکردن بە بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی بەرهەمێکی کۆمەڵایەتییە (القيسى، ٢٠١١: ١٠).

ب- تیۆری ڕۆڵ: ئەم تیۆرە کارلێککردنی تاک لەگەڵ ژینگەی کۆمەڵایەتی و پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەوانی تردا دەردەخات بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم کارلێککردنە. تیۆری ڕۆڵ تیشکدەخاتەسەر چەندین

بابەتی وەک (ڕۆڵی تاک و خێزان، گرووپە بچووکەکان، گونجانی کۆمەڵایەتی، پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی، پێداویستییەکانی ڕۆڵ و بەرپرسیارێتییەکان بەپێی پێوەری دیاریکراو) ڕادەی پابەندبوونی تاک پێیەوە یان پابەندنەبوون پێوەی (الخراشی،٢٠٠٤: ٢٥) (عبید، ٢٠١٥: ٣٦). ئەم تیۆرە پێیوایە ئەو ڕۆڵە کۆمەڵایەتییە جیاوازانەی کە تاک دەیبینێت، دەگەڕێتەوە بۆ قۆناغە جیاوازەکانی تەمەنی کە تاک پێیدا تێپەڕیوە، بەو پێیەی هەموو دەورێک پەیوەستە بە قۆناغێک لە قۆناغەکانی ژیان، ڕۆڵی کۆمەڵایەتیش کۆمەڵێک ئەرک و ماف لەخۆدەگرێت، دوای ئەنجامدانی ئەرکەکانی و جێبەجێکردنی بەرپرسیارێتییەکانی سەرشانی، تاک کۆمەڵێک مافی مادی و مەعنەوی وەردەگرێت، تیۆری ڕۆڵ پێیوایە کێشەکانی تاک لە ئەنجامی شکستهێنانی تاکە لە نواندنی ڕۆڵێک یان کۆمەڵێک ڕۆڵی کۆمەڵایەتی، یان بۆ دروستبوونی ململانێ لەنێوان ڕۆڵەکاندا (الزهرانی، ٢٠١١: ٢١).

## ٢-٨ – توێژینەوەکانی پێشوو

توێژینەوەی (المومني و المعاني، ٢٠١٧): المسؤلية الاجتماعية و علاقتها ببعض المتغيرات البيئية

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە زانینی ئاستی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی و پەیوەندی بە هەندێ گۆڕاوی ژینگەییەوە لەلای خوێندکارانی زانکۆی ئەردەن، کە نموونەی توێژینەوەکەی لە (٤٢٠) خویندکاری بەشی کاری کۆمەڵایەتی و ئابووری لە زانکۆی ئەردەن پێکهاتووە، بۆ کۆکردنەوەی زانیاری، فۆڕمی پێوەری بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی بەکارهاتووە و ئامرازی ئاماری بەکارهاتوو بریتییە لە (T.TEST) لە گرنگترین ئەو دەرئەنجامانەی توێژینەوەکە پێی گەیشتووە بریتین لە: ئاستی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی لای خوێندکارانی زانکۆ لە ئاستێکی بەرزدایە،

هەروەها جیاوازی نییە بۆ ئاستی بەرپرسیاریتیی کۆمەلایەتی بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز.

توێژینەوەی (عبدالصمد و مجید، ٢٠٢٠): بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی لای خوێندکارانی زانکۆ، توێژینەوەیەکی مەیدانیە لە زانکۆی سلێمانی ئەنجامدراوە.

ئامانجی توێژینەوەکە زانینی ئاستی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی لای خوێندکارانی زانکۆ بەرانبەر بە خۆد، بەرانبەر بە زانکۆ، بەرانبەر بە کۆمەڵگە، و زانینی جیاوازیی ئاستی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی بە پێی گۆڕاوی (قۆناغ، پسپۆری) کۆمەڵگەی توێژینەوەیەکەش سەرجەم خوێندکارانی بەکالۆریۆسی قۆناغی (یەک و چوار)ی کۆلێژە مرۆیی و زانستییەکانی زانکۆی سلێمانییە لە کەمپی نوێ بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٠-٢٠١٩)ە، کە (٤٢٨)خوێندکار وەرگیراون وەک نموونەی توێژینەوە بە شێوەی هەڕەمەکی ڕێژەیی چینایەتی وەرگیراون، شێوازی توێژینەوەکە وەسفییە، بۆ کۆکردنەوەی زانیاری فۆڕمی پێوەری بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی بەکارهاتووە و ئامڕازە ئامارییە بەکارهاتووەکان بریتین لە (ئەلفا کرونباخ، (T.TEST)) لەو ئەنجامانەی توێژینەوەکە پێی گەیشتووە: ئاستی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی لای خوێندکارانی زانکۆ لە ئاستیکی بەرزدایە بەرانبەر بە (خود، زانکۆ، کۆمەڵگە) و ئاستی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی جیاوازە لە بەژەوەندیی قۆناغی یەک و پسپۆڕیی مرۆیی).

## سێیەم: ڕێککارە مەیدانییەکانی توێژینەوە:

**٣-١- ڕێبازی توێژینەوە:** مەبەست لە ڕێبازی توێژینەوەی کۆمەڵێ ڕێسا و سیستەمی گشتییە جێبەجێدەکرێت لەپێناو گەیشتن بە ڕاستییەکان لەبارەی دیاردەیەک (بۆکانی، ٢٠١٦: ٨٦)، لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی وەسفی بەکارهاتووە.

**٣-٢- کۆمەڵگەی توێژینەوە:** بە مەبەستی زانینی ژمارەی کۆمەڵگەی توێژینەوەکەمان دوای سەردانیکردنی بەڕێوەبەرایەتیی تۆماری گشتیی زانکۆی ڕاپەڕین، ژمارەی کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوەیە پێکهاتووە لە (٤٣٨١) خوێندکار لە خوێندنی بەیانیان بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢١-٢٠٢٢).

**٣-٣- نموونەی توێژینەوە:** مەبەست لە نموونەی توێژینەوە نموونەیەکی هەڵبژێردراوی کۆمەڵگەی توێژینەوەکەیە بە ڕێگایەک لە ڕێگاکانی هەڵبژاردنی نموونەی توێژینەوە، نموونەی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە ڕێژەی (٠.٠٦) کۆمەڵگەی توێژینەوە، کە ژمارەیان (٢٨٢) خوێندکار بووە، بە شێوەیەکی هەڕەمەکی و سادە هەڵبژێردراون.

**٣-٤- ئامڕازەکانی توێژینەوە:** بۆ ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە و وەرگرتنی پێوەرێکی گونجاو دوای بەدواداچوونی زانستی بۆ سەچاوەکانی پێشوو، هەستاین بە ئامادەکردنی پێوەرێک بە سوودوەرگرتن لە پێوەرەکانی (العجلە، ٢٠١٢) و (فریدة، ٢٠١٨) کە لە (٣١) بڕگە پێکهاتووە بۆ هەر بڕگەیێک (٥) بژاردە هەیە پاشکۆی (١)، دوای ئەوە هەستاین بەدەرهێنانی ڕاستگۆیی و جێگری بۆ پێوەری ئامادەکراو.

**أ/ ڕاستگۆیی ڕواڵەتی:** ڕاستگۆیی وەک یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی پێوەری پەروەردەیی و دەروونی، کە بریتییە لە توانای بڕگەکانی پێوەرێک بۆ پێوانی ئەو مەبەستەی کە بۆی دانراوە، بۆ دەرهێنانی ڕاستگۆیی پشتمان بە ڕاستگۆیی ڕواڵەتی بەستووە بە دابەشکردنی پێوەرەکەمان وەکو پاشکۆی (١)، بەسەر پسپۆڕانی پەروەردەیی و دەروونی، دوای پێدان بە پسپۆڕان و وەرگرتنەوەیان لە جێبەجێکردنی تێبینییەکان بە پشتبەستن بە ڕێژەی ٨٠٪ ڕازیبوونی پسپۆڕان بڕگەکانی (٤، ١٥، ٢٦) لادران و سەرجەم بڕگەکانی تر وەک خۆیان مانەوە.

ب/ جێگیریی پێوەری توێژینەوە: بە مەبەستی دەرهێنانی جێگیریی پێوەرەکەمان پشتمان بە جێگیری بە شێوازی (ئەلفاکرۆنباخ) بەستووە بۆ ئەم مەبەستەش (٤٠) فۆرممان دابەشکرد، دوای دەرهێنانی ئەنجامەکانمان بە پرۆگرامی (SPSS) جێگیرییەکەمان (٠،٨٩) کە بەپێی سەرچاوە زانستییەکان جیگیریی پێوەرەکەمان باوەرپێکراوە.

**٣-٥- ئامرازە ئامارییەکان:** بە مەبەستی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو داتایانەی کە دوای جێبەجێکردنی کۆتایی دەست توێژەران کەوتوون ئەم کەرەستە ئامارییانەی خوارەوەمان بەکارهێنا (الفاکرۆنباخ، T.test بۆ یەک و دوو نموونەی سەربەخۆ).

## چوارەم: خستنەرووی ئەنجامەکان و ڕاڤەکردنیان

دوای کۆکردنەوەی داتا و زانیارییەکان و شیکردنەوەیان بەپێی ئامانجەکانی کە لە بەشی یەکەم دامانابوو، بە پشتبەستن بە پرۆگرامی شیکردنەوەی ئاماری، بابەت کۆمەڵایەتییەکان (SPSS) بەم شێوەی خوارەوە بوو.

**٤-١-** زانینی ئاستی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی لای نموونەی توێژینەوە بە گشتی:

دوای شیکردنەوەی زانیاریی (٢٨٢) خوێندکار لە نموونەی توێژینەوە و دەرهێنانی ناوەندە ژمێرەییان و بەراوردکردنیان بە ناوەندە گریمانەی پێوەرەکەمان ئەنجامەکە بەم شێوەیە بوو: ناوەندە ژمێرەی بە شێوەیەکی گشتی (١١٠.٧٧٣)، بە لادانی پێوەری (١١.١٧٩) ئەمەش بەراورد بە ناوەندە گریمانەیی کە (٨٤) بوو، ناوەندە ژمێرەی بەرزترە لە ناوەندی گریمانەی ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی لە ئاستێکی بەرزدایە، بۆ دەرخستنی بەڵگەداری ئاماری ئەم جیاوازیە (T.Test) یەک

نموونەی سەربەخۆمان بەکارهێنا، ئەنجامەکەی (٣١.٤٠٨) بوو، بەپێی پرۆگرامی (SPSS) و (T.Table) ئەم ئەنجامە بەڵگەداری ئاماریی هەیە.

خشتەی (١) جیاوازیی نێوان ناوەندە ژمێرەیی و ناوەندی گریمانەیی نموونەی توێژینەوە بە گشتی

| گۆڕاو | ژمارە | ناوەندە گریمانە | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوەری | T.test | T.Table | بەڵگەنامەی ئاماری لە ٠.٠٥ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی | ٢٨٢ | ٨٤ | ١١٠.٧٧٣ | ١١.١٧٩ | ٣١.٤٠٨ | ١.٩٦٠ | هەیە |

وەک لە خشتەی ژمارە(١)دا دەردەکەوێت کە ئاستی پەرپرسیاریەتیی کۆمەڵایەتی لە ئاستێکی بەرزدایە، ئەمەش بە بڕوای توێژەران دەگەڕێتەوە بۆ هۆکاری ئەوەی تاڕادەیەک لە هەرێمی کوردستان پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و گروپاتی هاوڕێ گروپە کۆمەڵایەتییەکانی تر لە ئاستێکی باشدایە هەن، ئەمەش وادەکات تاکەکان لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە ئەرکەکانی خۆیان لە بەرانبەر گروپ و هاوڕێ و خزم و کەسە نزیکەکانیان بە باشی جێبەجێبکەن، یەکێکی تر لە هۆکارەکان پابەندبوونی ئەندامانی نموونەی توێژینەوەکەیە بە ئاینەوە بە تایبەتی ئاینی ئیسلام، ئەمەش کاریگەریی تەواوی هەیە، چونکە لە ئاینی ئیسلامدا یارمەتیدان و هاوکاریکردنی کەسانی تر یان جێبەجێکردنی ئەرکەکان لە بەرانبەر نیشتیمان و گەل، بە خواپەرستی هەژماردەکرێت، ئەمەش وای کردووە بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی بەرزبێت، ئەم ئەنجامەش یەک دەگرێتەوە لەگەڵ ئەنجامی توێژینەوەکانی (المومني و المعاني، ٢٠١٧)، (عبدالصمد و مجید، ٢٠٢٠).

**٤-٢- زانینی جیاوازیی بەرپرسیاریتیی کۆمەڵایەتی بە پێی گۆڕاوی ڕەگەز (نێر، مێ):**

دوای شیکردنەوەی ئەنجامەکان بۆمان دەرکەوت ژمارەی نێرەکان (١٠٠)، و مێیەکان (١٨٢)، ئەنجامەکەیان بەم شێوەیە بوو، نێرەکان ناوەندە ژمێرەییان (١١١.٠٧٥) بە لادانی پێوەری (٩.٩٥٩) و مێیەکان ناوەندە ژمێرەییان (١١٠.٦٨١) بە لادانی پێوەری (١١.٥٥٧) لەو ئەنجامەوە بۆمان دەردەکەوێت کە ناوەندە ژمێرەیی نێرەکان بەرزترە، بۆ دەرخستنی بەڵگەداری ئاماری (T.Test) بۆ دوو نموونەیی سەربەخۆ بەکارهاتووە کە ئەنجامەکەی (٠.١٩٤) بەپێی پرۆگرامی (SPSS) و (T.Table) ئەم ئەنجامە بەڵگەداری ئاماریی نییە.

خشتەی (٢) جیاوازیی نێوان ناوەندە ژمێرەیی بەرپرسیاریتیی کۆمەڵایەتی بە پێی گۆڕاوی ڕەگەز

| گۆڕاو | ژمارە | ناوەندە ژمێری | لادانی پێوەری | T.Test | T.Table | بەڵگەداری ئاماری |
|---|---|---|---|---|---|---|
| نێر | ١٠٠ | ١١١.٠٧٥ | ٩.٩٥٩ | ٠.١٩٤ | ١.٩٦٠ | لە ٠.٠٥ نیە |
| مێ | ١٨٢ | ١١٠.٦٨١ | ١١.٥٥٧ | | | |

لە خشتەی ژمارە (٢) دەرکەوتووە کە بەرپرسیاریتیی کۆمەڵایەتی بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز جیاوازیی نییە، بە بڕوای ئەمەش توێژەران دەگەڕێتەوە بۆ هۆکاری پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی و شێوازی پەروەردەی ئێستا، لە کۆمەڵگەی کوردیدا جیاوازی لە پەروەردەی بە پێی ڕەگەز کەمبۆتەوە، ئەم ئەنجامەش پێچەوانەیە لەگەڵ توێژینەوەی (المومني و المعاني، ٢٠١٧).

٤-٣- زانینی جیاوازیی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی بەپێی گۆڕاوی پسپۆڕی (زانستی، ویژەیی):

ژمارەی زانستییەکان (١٠٥)، و ویژەییەکان (١٧٧)بوو، زانستییەکان ناوەندە ژمێرەییان (١١١.٥٣٦) بە لادانی پێوەری (١٢،١٥٢)، و ویژەییەکان ناوەندە ژمێرەییان (١١٠.٤٠١) بە لادانی پێوەری (١٠،٧٢٦) لەو ئەنجامەوە دەردەکەوێت کە ناوەندە ژمێرەیی زانستییەکان بەرزترە، بۆ دەرخستنی بەڵگەداری ئاماری (T.Test) دوو نموونەی سەربەخۆمان بەکارهێناوە کە ئەنجامەکەی (٠.٦٣٥) بەپێی پرۆگرامی (SPSS) و (T.Table) ئەم ئەنجامە بەڵگەداری ئاماریی نییە.

خشتەی (٣) جیاوازیی نێوان ناوەندە ژمێرەیی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی بەپێی گۆڕاوی پسپۆڕی

| گۆڕاو | ژمارە | ناوەندە ژمێری | لادانی پێوەری | T.Test | T.Table | بەڵگەداری ئاماری |
|---|---|---|---|---|---|---|
| زانستی | ١٠٥ | ١١١.٥٣٦ | ١٢.١٥٢ | ٠.٦٣٥ | ١.٩٦٠ | لە ٠.٠٥ نیە |
| ویژەیی | ١٧٧ | ١١٠.٤٠١ | ١٠.٧٢٦ | | | |

وەک لە خشتەی ژمارە (٣)دا دەردەکەێت کە بەپرسیاریەتیی کۆمەڵایەتی بەپێی گۆڕاوی پسپۆڕی جیاوازیی نییە، بە بڕوای توێژەران ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ پرۆگرامەکانی خوێندنیان، وەک دەبین هەندێک لە پرۆگرامەکانی بەشە زانستییەکان و ویژەییەکان لە یەکەوە نزیکە بە تایبەتی بابەتە زانکۆییەکان، ئەمەش کاریگەریی تەواوی لەسەر خوێندکارەکانی هەیە، ئەم ئەنجامەش یەک دەگرێتەوە لەگەڵ ئەنجامی توێژینەوەکانی (عبدالصمد و مجید، ٢٠٢٠).

٤-٤- زانینی جیاوازیی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی بەپێی گۆڕاوی شوێنی نیشتەجێبوون (ناوەوەی شار، دەرەوەی شار)

ژمارەی خوێندکارانی دەرەوەی شار (١١٣)، و ناوەوەی شار (١٦٩)، ئەنجامەکەیان بەم شێوەیە بوو، دەرەوەی شار ناوەندە ژمێرەییان (١١٠.٣٣٦) بە لادانی پێوەری (١٠.٦٧) و ناوەوەی شار ناوەندە ژمێرەییان (١١١.٧٥٤) بە لادانی پێوەری (١٢.٢٩٥) لەو ئەنجامە بۆمان دەردەکەوێت کە ناوەندە ژمێرەیی ناوەوەی شار بەرزترە، بۆ دەرخستنی بەڵگەداری ئاماری (T.Test) دوو نموونەیی سەربەخۆمان بەکارهێناوە کە ئەنجامەکەی (٠.٧٦٧) بەپێی پرۆگرامی (SPSS) و (T.Table) ئەم ئەنجامە بەڵگەداری ئاماری نیە.

خشتەی (٤) جیاوازیی ناوەندە ژمێرەیی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی بەپێی گۆڕاوی شوێنی نیشتەجێبوون

| گۆڕاو | ژمارە | ناوەندە ژمێری | لادانی پێوەری | T.Test | T.Table | بەڵگەداری ئاماری |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ناوەوەی شار | ١٦٩ | ١١٠.٣٣٦ | ١٠.٦٧ | ٠.٧٦٧ | ١.٩٦٠ | لە ٠.٠٥ نیە |
| دەرەوەی شار | ١١٣ | ١١١.٧٥٤ | ١٢.٢٩٥ | | | |

وەک لە خشتەی ژمارە (٤)دا دەردەکەێت کە بەپرسیاریەتیی کۆمەڵایەتی بەپێی شوێنی نیشتەجێبوون جیاوازیی نییە، بە بڕوای توێژەران هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ پێگەیاندنی کۆمەڵایەتییەکەیان کە لە ئێستادا پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگەی کوردی جیاوازییەکی ئەو تۆی نییە، واتە ئەو دامەزراوانەی کە لە ناو شارەکان هەن هەڵدەستن بە پرۆسەی بەکۆمەڵایەتیکردن لە دەرەوەی شارەکانیش هەمان ئەو دامازراوانە هەن، تاکەکانی دەروەی شارەکانیش دەتوانن بەشداری لە گروپە کۆمەڵایەتییەکان بکەن، لە ڕێگەی تۆڕە

کۆمەڵایەتییەکانەوە، هەروەها پابەندبوون بە بەها و یاسا کۆمەڵایەتییەکان تارادەیەک لە دەرەوەی شارەکان زیاترە، ئەمەش کاریگەریی تەواوی لەسەر ئەنجامەکان و بەرزی ئاستی بەرپرسیاریەتیی کۆمەڵایەتی لەلای نموونەی توێژینەوەکە هەیە.

**ڕاسپاردە:**

لەژێر ڕۆشنایی ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە ئەم چەند ڕاسپاردەیە دەخەینەڕوو:

زانکۆکان لە چوارچێوەی پڕۆگرامەکانیان هاوشێوەی کوردۆلۆجی و کۆمپیوتەر بابەتی هۆشیاریی کۆمەڵایەتی و پاراستنی نیشتیمان زیادبکەن.

بڵاوکردنەوەی زانیاری لەڕێگەی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە بۆ زیادکردنی ڕۆشنبیریی گەنجان بۆ هەستکردن بە بەرپرسیارێتی بەرانبەر کۆمەڵگە.

بەستنی ۆرکشۆپ و سمپزیۆمی تایبەت بە هۆشیاری بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی.

**پێشنیاز:**

ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی هاوشێوە لە گشت زانکۆکانی هەرێمی کوردستان.

ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی هاوشێوە لە قۆناغی ئامادەیی.

ئەنجامدانی توێژینەوەییەکی بەرپرسیاریەتیی کۆمەڵایەتی و پەیوەندی بە ئاسی ئابووری.

## لیستی سەرچاوەکان

### کوردی


- بۆکانی، صابر بکر (٢٠١٦) میتۆدی توێژینەوە ی زانستی، چاپخانەی چوارچرا - سلێمانی.

- سەعید، هیوا عزیز(٢٠٢١) بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی،چاپی یەکەم ، چاپخانەی یاد، سلێمانی.

- سەمین، سەرحەد محەمەد (٢٠١٩) ڕۆڵی بڕیار لێدراوەکانی خوێندن لە بەهێزکردنی بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی لە دیدی مامۆستایانی قۆناغی بنەڕەتییەوە ( توێژینەوەیەی مەیدانییە لە ناوەندی قەزای کەلار)، کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی گەرمیان.

- عبدالصمد، شنۆ حسن و مجید، پەیمان عبدالقادر (٢٠٢٠) بەرپرسیارێتی کۆمـەڵایەتی لای خوێندکارانی زانکۆ، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، بەرگی (٧) ژمارە(٤).


### عەرەبی


- أحمد، فاطمة أمين (١٩٩٩) استخدام المقابلة المهنية في خدمة الفرد في دراسة الشعوربالمسؤولية الاجتماعية لدى طلاب المرحلة الثانوية "دراسة وصفية ."مجلة كلية الآداب، جامعة حلوان، العدد(٦)، مصر.

- آل سعود، مشاعل (٢٠٠٤) دور المدرسة في تنمية المسؤولية االجتماعية لدى طالبات المرحلة الثانوية بالمدارس الحكومية، رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة الملك سعود، الرياض.

- بو شعيرة، خاليد محمد (٢٠١٤) الاغتراب فى النسق التعليمى لدى الشباب الجامعى فى ضوء بعض المتغيرات، دراسة حالة ميدانية على عينة من طالة كلية التربية ,مجلة علوم التربية والنفسية ,جامعة البحرين ,المجلد(١٥)، عدد(١).

- حجي، أحمد إسماعيل و عبد الحميد، حسام حمدي (٢٠١٢) الجامعة والتنمية البشرية، أصول نظرية وخبرات عربية وأجنبية مقارنة، عالم الكتب، القاىرة.

- الحسن، ابوبكر محمد (٢٠١٤) دور المؤسسة الاجتماعية فى تحسين اداء المنظمة,رسالة ماجستير غير منشورة، كلية العلوم الاقتصادية والتجارية و علوم التسيير، جامعة محمد خيضر، بسكرة، الجزائر.

- حليمة، قادرى (٢٠١٩) اتجاهات الشباب نحو المسئولية الاجتماعية، جلة علوم النفسية والتعليمية، جامعة وهران، الجزائ، العدد(٢).

- حليمة، قادري (٢٠١٦) اتجاهات الشباب نحو المسئولية الاجتماعية، دراسة مقارنة على عينة من شباب مدينة وهران، مخبر تطوير الممارسات النفسيةو التربية،العدد(١٦).

- حنفى، محمد ماهر محمود (٢٠١٧) المسؤلية الاجتماعية للجامعات المصرية في تحقيق التنمية البشرية لواجهة التحديات المعاصرة، رسالة ماجستير غير منشورة، كليةالتربية ، جامعة بورسعيد،مصر.

- حوالة، سيير محمد (٢٠١٣) فلسفة العمل التطوعي والمسئولية الاجتماعية في المؤسسات التربوية ،مجمة العموم التربوية، جامعة القاهرة، العدد(٢).

- الخراشي، وليد بن عبد العزيز بن سعد (٢٠٠٤) دور األنشطة الطالبية في تنمية المسؤولية االجتماعية دراسة ميدانية على عينة مختارة من طالب جامعة الملك سعود، رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة الملك سعود، الرياض.

- خويطر، وفاء حسن (٢٠١٠) الأمن النفسي والشعور بالوحدة النفسية لدى المرأة الفلسطينية ( المطلقة والأرملة ) وعلاقتهما ببعض المتغيرا، رسالة ماجستير غير منشورة ، الجامعة الإسلامية ، غزة ، فلسطين.

- رجعية، عبد الحميد عبد العظيم محمود (٢٠١٢) بنية العلاقات السببية بين كل من المساندة الاجتماعية والمسئولية الاجتماعية والمهارات الاجتماعية لدى عينة من طالبات جامعة طيبة بالمدينة المنورة ، مجلة كلية التربية جامعة دمنهور المجلد (٤) ، العدد(٢)

- الرميح، يوسف أحمد عامر (٢٠٠٤) نموذج واقعي مقترح لتنمية المسؤولية الاجتماعية لدى الشباب الجامعي تجاه مشكلة الحوادث المرورية (دراسة تطبيقية)، مجلة دراسات في الخدمة الاجتماعية والعلوم الإنسانية، العدد (١٧)،الجزء الأول، جامعة حلوان، مصر.

- الريماوى، محمد عودة و أخرون (٢٠٠٨) علم النفس عام ، دار المسيرة للطباعة والنشر، عمان.

- الزهراني، متعب أحمد (٢٠١١) دور المتقاعد في األسرة السعودية ومساهمة الخدمة االجتماعية في تفعيله، رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة الملك سعود، الرياض.

- سعيد، سناء عبد الرحيم و الباوي عبد الرضا ناصر (٢٠١٠) الدور الاستراتيجي للمسئولية الاجتماعية الشاملة في تحقيق الميزة التنافسية

المستدامة، دراسة حالة في الشركة العامة لصناعة الأسمدة الجنوبية، جلة الإدارة والاقتصاد، العدد(١٢)

- سهو، نزهان محمد و محمد، عبدالرحمن كريم محمد (٢٠١٩) دور الجامعات العراقية في إطار المسؤولية االجتماعية دراسة استطالعية آلراء عينة من أعضاء اإلدارات العليا في جامعة سامراء، جامعة تكريت، مجلة تكريت للعلوم اإلدارية واالقتصادية، المجلد (٥١ )العدد (خاص)

- السهيلي، نوارطارق (٢٠٠٩) المسؤولية الاجتماعية وعلاقتها بالنسق القيمي لدى طلبة المرحلة الاعدادية، رسالة ماجستير غير منشورة، كلية التربية للبنات، جامعة بغداد.

- عباس، منال محمد (٢٠١٤) المسؤولية الاجتماعية وأفاق التنمية ، دار المعرفة الجامعية ، الإسكندرية.

- عبد الحي، رمزي أحمد (٢٠١٢) مستقبل التعميم العالي في الوطن العربي في ظل التحديات العالمية ،الوراق لمنشر والتوزيع ، عمان.

- عبيد، عهود بنت ناصر بن (٢٠١٥) دور األسرة في تنمية المسؤولية االجتماعية لدى أبنائها، دراسة مطبقة على عينة من طالب وطالبات جامعة الملك سعود، رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة الملك سعود، الرياض.

- العجله، محمد سامي رباح (٢٠١٢) المسئولية الاجتماعية وعلاقتها بالصراع النفسي وتوكيد الذات لدى أرامل شهداء حرب الفرقان في محافظات غزة، رسالة ماجستير غير منشورة، كلية التربية، الجامعة الإسلامية – غزة، فلسطين.

- عمار، سلوا محمد (٢٠١٦) فاعلية برنامج مقترح قائم على التعلم الخدمي لتدريس القضايا المعاصرة لطلاب شعبة التاريخ بكليات التربية في تنمية التحصيل المعرفي والمسؤلية الاجتماعية لديهم، رسالة ماجستير غير منشورة، كليةالتربية، جامعة الفيوم.

- فريدة، جبلاحي (٢٠١٨) مستوى المسؤولية الإجتماعية لدى الطالب الجامعي في ضوء بعض المتغيرات، كلية العلوم الانسانية و الاجتماعية، جامعة محمد بوضياف بالمسيلة، الجمهورية الجزائرية.

- قاسم، جميل محمد (٢٠٠٨) فعالية برنامج ارشادى لتنمية المسئولية الاجتماعية لدى طلاب المرحلة الثانوية، رسالة ماجستير غير منشورة، كلية التربية، الجامعةالإسلامية بغزة.

- القيسي، خولة عبد الوهاب (٢٠١١) المسؤليهالاجتماعية لأطفال الرياض الأهلية، مجلة البحوث التربوية والنفسية، جامعة بغداد، كلية التربية للبنات، العدد(٣٠).

- كرمة، صفاء طارق حبيب و نورجان عادل محمود دةمير (٢٠١٤) قوة الذكاء الاجتماعى فى تفعيل المسؤولية الاجتماعية و مفهوم الذات الاجتماعية، المكتب الجامعى الحديث للنشر والتوزيع.

- اللحياني، أزهار صالح (٢٠١١) التفكير األخالقي وعالقته بالمسؤولية االجتماعية في ضوء بعض المتغيرات األكاديمية لدى عينة من طالبات جامعة أم القرى بمدينة مكة المكرمة، رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة أم القرى، مكة المكرمة.

- المومني، حازم و هيجانة، وليد (٢٠١١) المسؤولية الاجتماعية لدى طلبة كلية الحصن الجامعية وعلاقتها بدافع الإنجاز .مجلة إربد للبحوث والدراسات، جامعة إربد، الأردن، مجلد(١٥)، عدد(٢)

- المومني، فواز أيوب و المعاني، محمد خالد (٢٠١٧) المسؤولية الاجتماعية و علاقهاببعض المتغيرات البيئة، مجلة اتحاد الجامعات العربية للتربية و علم النفس، المجلد(١٥) العدد(٢).

- ناصر، إبراهيم (٢٠٠٦) التربية الأخلاقية، ط ١، دار وائل للنشر، عمان.

- نجف، أفراح أحمد (٢٠١٠) المسؤولية الاجتماعية لأطفال الرياض الأهلية .رسالة ماجستيرغير منشورة، مجلة البحوث التربوية والنفسية، العدد (٣٠)، جامعة بغداد، العراق.

- الهذلي، نايف بن سراج (٢٠٠٩) االتجاه نحو ظاهرة اإلرهاب وعالقته بالمسؤولية االجتماعية وبعض المتغيرات األخرى لدى عينة من طالب المرحلة الثانوية، رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة أم القرى، مكة المكرمة.

- يوسف، ولاء سهيل (٢٠١٦) فاعلية الذات وعلاقتها بالمسؤولية الاجتماعية، رسالة ماجستير غير منشورة، كلية التربية، جامعة دمشق.

**پاشکۆ**

پێوەری بەکارهاتوو بەشێوەی کۆتایی

حکومەتی هەرێمی کوردستان- عیراق

وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی/ زانکۆی ڕاپەڕین

سڵاوی زانست ...

توێژەران بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەیەک لەژێر ناونیشانی **(ئاستی بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی لەلای خوێندکارانی زانکۆ)**، بە مەبەستی کۆکردنەوەی زانیارییەکان ئەم پێوەرە دەخەینە بەردەستت کە لە کۆمەڵێک بڕگە پێکهاتوە تکایە بەوردی بیخوێنەوە لەبەرامبەر هەر بڕگەیەکدا چەند هەڵبژاردنێکت هەیە کام هەڵبژاردنە گونجاوە لەگەڵ بۆ چوونەکانت لە بەرامبەری نیشانی( √ ) لێبدە.

ئەم پێوەرە بۆ مەبەستی زانستیە، وەڵامەکانتان پارێزراوە جگە لە ئەنجامدانی توێژینەوە بۆ هیچ مەبەستێکی تر بەکارنایات.

لەگەڵ ڕێزدا...

تکایە ئەم زانیاریانە پڕبکەرەوە پێش وەڵام دانەوە

تەمەن :

ڕەگەز نێر ( ) مێ ( )

کۆلێژ : بەش :

شوێنی نیشتەجێ بوون :

توێژەران

د.هەژار قادر ابراهیم

م.ی.سیڤان عمر اسماعیل

٢٠٢٢

| ز | بڕگەکان | هەمیشە | زۆرجار | هەندێکجار | بەدەگمەن | هەرگیز |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | گرنگی بەکارەکانم دەدەم و لە کاتی خۆی جێبەجێیان دەکەم. | | | | | |
| ٢ | هەمیشە بەرژەوەندی تایبەتی خۆم و خێزانەکەم بەلاوە گرنگترە لەبەرژەوەندی گشتی. | | | | | |
| ٣ | کاتێک هاوڕێکانم گفتوگۆم لەگەڵ دەکەن لە بابەتێکی گشتی، خۆم دەپارێزم لە تێکەڵبوون. | | | | | |
| ٤ | دوور دەکەومەوە لە یارمەتیدانی ئەوانیتر چونکە کێشەم بۆ دروست دەکات. | | | | | |
| ٥ | لەپێناو بەرژەوەندیەکانی خۆم | | | | | |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | پەنا بۆ هەرکارێک دەبەم ئەگەر پێویست بە ساختەکاتریش بکات ئەنجامی دەدەم. | | | | | |
| ٦ | کاتێک کەسێک دەبینم کە لە ڕووداوێکدا خوێنی لێ دەڕوات، کاردەکەم بۆ فریاکەوتنی. | | | | | |
| ٧ | ئەگەر داوام لێ بکرێت خوێن ببەخشم بۆ ڕزگارکردنی ژیانی کەسێک، دەیبەخشم. | | | | | |
| ٨ | نیگەران دەبم کاتێک یەکێک ئاگادارکەرەوە (هۆڕن)ی ئۆتۆمۆبێل بەکاربهێنێت بۆ بانگکردنی هاوڕێیەکی | | | | | |
| ٩ | کاتێک کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت دەبینم حەزدەکەم هاوکاریان بکەم | | | | | |
| ١٠ | ئەگەر داوام لێ بکرێت واژوی فۆرمێک بکەم، کە یەکێک لە ئەندامەکانی جەستەم دوای مردنم ببەخشم، ڕازی نابم. | | | | | |
| ١١ | بەهەموو شێوازێک نهێنی کەسانی تر دەپارێزم | | | | | |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١٢ | کاتێک کەسێک دەبینم کەل و پەلی گشتی تێک دەدات و دەی شێوێنێت، ئەوا ئامۆژگاری دەکەم. | | | | | |
| ١٣ | ئەگەر زانیم کەسێک مامەڵە بە بەرتیلەوە دەکات، بەرپرسانی لێ ئاگادار دەکەمەوە | | | | | |
| ١٤ | لایەنی بەرپرس ئاگادار دەکەمەوە کاتێک هەرفرۆشگایەک، کەل و پەلەکانی بەنرخێکی زیاتر لە نرخی خۆی بفرۆشێت | | | | | |
| ١٥ | لایەنی بەرپرس ئاگاداردەکەمەوە کاتێک هەرفرۆشگایەک، کەل و پەلەی خراپبو و ماوە بەسەر چوو بفرۆشێت | | | | | |
| ١٦ | هەست بە غەمباری دەکەم کاتێک هەر هاونیشتیمانیەک توشی نەخۆشیەکی مەترسیدار دەبێت | | | | | |
| ١٧ | پێویستە هەموو هاوڵاتییەک ئامادەبێت بۆ خزمەتکردنی | | | | | |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | وڵاتەکەی لە کاتی ڕوداوی ناکاودا. | | | | | |
| ١٨ | بەرەنگاربوونەوەی مادە هۆشبەرەکان، تەنها ئەرکی کارمەندی ئاسایشە. | | | | | |
| ١٩ | بەشداری دەکەم لەگەڵ هاوسێ و دانیشتوانی گەڕەک لە جێبەجێکردنی پێداویستییە سەرەکیەکانیان، | | | | | |
| ٢٠ | هاوبەشی دەکەم لە کاری خۆبەخشانە بۆ خزمەتکردنی کۆمەڵگە. | | | | | |
| ٢١ | گوێ نادەم بە ئازارەکانی کەسانی تر. | | | | | |
| ٢٢ | لە چارەسەرکردنی کێشەی کۆمەڵایەتیەکانی کەسانی تر هاوبەشی دەکەم | | | | | |
| ٢٣ | بەشداری دەکەم لە کوژانەوەی هەموو ڕووداوێکی ئاگرکەوتنەوە لە ناو چەکەمان | | | | | |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ٢٤ | کاتێک خاشاک لە شەقام دەبینم، کار دەکەم بۆ لابردنی لە ڕێگاکە. | | | | | |
| ٢٥ | بڵاوبوونەوەی کافتریاکانی تایبەت بە نێرگەلە و جگەرە کێشان زیان بە تەندروستی گشتی دەگەیەنێت. | | | | | |
| ٢٦ | ڕۆل دەبینم لە ئاراستەکردنی تاکەکان بۆ پاک و خاوێنی گشتی | | | | | |
| ٢٧ | گرنگی بە خاوێنی خۆم و خێزانەکەم دەدەم. | | | | | |
| ٢٨ | ئازار دەچێژم کاتێک دەبینم شوێنە گشتیەکان بە نووسین پیس دەکرێ | | | | | |

**الملخص**

يهدف البحث الحالى الى التعرف على مستوى المسؤولية الاجتماعية لدى طلبة الجامعة، وكذلك معرفة الفروق في مستوى المسؤولية الاجتماعية لدى طلبة الجامعة وفقا لمتغيرات (الجنس، التخصص، محل الإقامة). ولهذا الغرض، أعد الباحثون مقياساً ويتكون من ٢٨ فقرة. وتبعد استخراج خصائص السايكومترية مقياس (الصدق؛ بطريقة الصدق الظاهرى و الثبات؛ بطريقة الفاكرونباخ) وتم التطبيق على العينة المختارة عبر الإنترنت، وكان عدد عينة البحث ٢٨٢ طالبا، وتم تحليل البيانات باستخدام الوسائل الإحصائية (T.Test) وأظهرت النتائج: أن عينة البحث لها مستوى عال من المسؤولية الاجتماعية، ولا توجد فروق ذات دلالة إحصائية وفقا لمعايير البحث، وفقا للنتائج، تم تقديم العديد من التوصيات والمقترحات.

الكلمات الرئيسة: (المسؤولية، المسؤولية الاجتماعية، طلاب الجامعة)

**Abstract**

The study aims at identifying the level of social responsibility among university students, as well as to pinpoint the differences on the level of social responsibility among university students based on the variables of (gender, specialty, place of residence). For this purpose, researchers constituted a measurement, which is comprised of 28 items. After extracting the features of the psychological measurement (validity and reliability), it was shared online, and the sample number of 282 students were selected randomly. Then, the data was statistically analyzed using T.Test. The results indicated that the research sample had a high level of social responsibility. Additionally, there were no significant differences based on the variables of the study. As per the results, several recommendations and suggestions were presented.

Keywords: Responsibility, Social Responsibility, University student